# ئەی کوڕ (ئەی غوڵام)، هەندێک وشەت فێر دەکەم، سنوورەکانی شەریعەتی خودا بپارێزە؛ ئەوا خودا دەتپارێزێت

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: من ڕۆژێکیان بە سواری وڵاخێک لە پشتی پێغەمبەری خوا بووم -صلى الله عليه وسلم- و بە منی فەرموو : «ئەی کوڕ (ئەی غوڵام)، هەندێک وشەت فێر دەکەم، سنوورەکانی شەریعەتی خودا بپارێزە؛ ئەوا خودا دەتپارێزێت، سنوورەکانی شەریعەتی خودا بپارێزە؛ ئەوا دەبینیت خودا لە پێشەوە لە گەڵ تۆدا دەبێت، ئەگەر داوات کرد؛ ئەوا تەنها داوا لە خودا بکە، وئەگەر داوای یارمەتی وپشتیوانیت کرد؛ ئەوا تەنها داوای یارمەتی وپشتیوانی لە خودا بکە، وبزانە بەڕاستی ئەگەر هەموو ئوممەت کۆببنەوە بۆ ئەوەی بە شتێك سوودت پێ بگەیەنن؛ ئەوا سوودت پێ ناگەیەنن تەنها بەو شتە نەبێت کە خودا بۆتی نووسیووە، وئەگەر کۆببنەوە بۆ ئەوەی بە شتێك زەرەر وزیانت پێ بگەیەنن؛ ئەوا زەرەر و زیانت پێ ناگەیەنن تەنها بەو شتە نەبێت کە خودا لە سەرتی نووسیووە، قەڵەمەکانی نووسینی قەدەر هەڵگیراون وپەڕەکانیش وشك بوونەتەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(الترمذي) ڕیوایەتی کردووە)]

ئیبن عەباس -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کاتێک منداڵ بوو لەپشتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بوو بەسواری وڵاخێک، -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: من هەندێک وشەت فێر دەکەم کە بەهۆیانەوە خوای گەورە سوودت پێدەگەیەنێت: فەرمانەکانی خودا بپارێزە وخۆت بەدوور بگرە لە نەهی لێکراوەکان، بەشێوەیەک تەنها لە عیبادەت وپەرستشدا ببینرێیت ولەتاوان وگوناحدا بونت نەبێت ، ئەگەر بەم شێوەیە بیت ئەوا پاداشتی تۆ ئەوەیە خودا دەت پارێزێت لە ناخۆشی وناڕەحەتیەکانی دونیا وقیامەت، وسەرت دەخات لە ئەرکەکانت لە هەرشوێنێک بیت. وئەگەر ویستت داوای شتێک بکەیت ؛ بەتەنها داوا لە الله بکە کە وەڵامی داواکاران دەداتەوە. وئەگەر ویستت داوای یارمەتی و بەهاناوە هاتن بکەیت ؛ ئەوا تەنها لە الله داوای بکە. ودڵنیابە لەوەی ئەگەر هەموو سەر زەوی کۆببنەوە بۆئەوەی سوودێکت پێبگەیەنن؛ ئەوا ناتوانن ئەو سوودە بە تۆ بگەیەنن مەگەر خوای گەورە ئەو سوودەی بۆ تۆ نووسیبێت، وهیچ زیانێک تووشت نابێت ئەگەرچیش هەموو خەڵکی سەر زەوی کۆ ببنەوە لەسەر زیانگەیاندن بە تۆ مەگەر خوای گەورە ئەو زیانەی لەسەر تۆ نووسیبێت. وئەمانە هەمووی خوای گەورە -عز وجل- نووسیویەتی لە قەدەردا بەپێی زانست وحیکمەتی، وئەوەی خودا نووسیویەتی ناگۆڕێت، ودەبێت چاك بزانین کە پەروەردگار هەرگیز ستەم لە بەندەکانی ناکات.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee